# خەمە پا ییزی یەكان

**كاوەی خەسرەو كاوانی**

نیازم وا بوو ئەم هۆنراوەیە پێشكەش بە برای بەڕێزم مامۆستا ئەنوەر مەسیفی شاعیر بكەم بە بۆنەی كۆچی دوایی ی هاوسەر و كچ و كوڕەكەی و لەو كاتەی كە دەمووویست بۆ بلاّو كردنەوە ڕەوانەی بكەم لەو كاتە زەنگی تەلەفۆنەكەم لێدراو كۆچی دوایی مامۆستایان پێ ڕاگەیاندم و لەگەڵ هەزاران لە دۆستان و هەڤالاّنی مامۆستا لە هاوینەهەواری سەلاحەدین بە خاكمان سپارد, هەزاران سلاّو لە گیانی پاك و بەرزە فڕی مامۆستا و خێزان و هەردوو كۆرپەكەی .

زۆر ناخۆشە دەست لێك بەردان
چی بكەین دەبێت خۆمان لە گەلّیا ڕا بێنین
زۆر ئەستەمە ئازیزانمان بە دەستی خۆمان بنێژین
لە خەو دەچێت
لە كابووسی بێ كۆتایی و ...
لە تاریكایی شەو دەچێت.

* * *

بە خەیاڵیش هەرگیز بەبیرمان دا نایێت
ئازیزانمان وەكو گەلاّ
لە پێش چاوانمان هەڵوەرن
ناخۆشە ئەم ساتە وەختەی پاییزانە
مەرگ چ مەرگێ ....؟
مەرگی سەختی
زۆر ناوەختی ئازیزانە.

* * *

بە هێزی عیشق
ئازیزانمان هاتنە وجود
مەرگ بە هێزە
لاوازە بۆ خۆشەویستی و
بەرامبەری چۆك دادە دا

**عیشق نیشتمانی نی یه**
**هەموو شوێن بۆی نیشتمانە**
**چۆن دەتوانی هەروا ئاسان**
**عیشقی نەمریمان ببا .**

*   *   *

**ژین نازاوو زەوی بۆتە**
**بۆنگرتووی یاد و یادگاریان**
**لە پانتایی ئەم گەردوونە ,**
**چی وەك یادی ئازیزانمان**
**لە وجود و هەست و بوونە.**